# ئەلفبێ

ئامادەكرن: موئەیەد تەیب

لە میزۆپۆتامیادا، واتە خاكی نێوان هەردوو رووباری دیجلە و فوراتدا، كە عێراقی ئەمڕۆیە، نزیكەی پێش پێنج هەزارساڵ مرۆڤ نووسینی داهێناو... بەم داهێنانەش دەرگەی نوێ لەبەردەم مرۆڤایەتیدا كرانەوە و ئێمە ئەمڕۆ لە رێی ئەم نووسینانەوە زۆر شت دەربارەی ژیانی خەڵكی ئەو سەردەم ئەزانین، هەر چەندە ئەوان بەهەزاران ساڵ بەر لە ئێمەوە ژیاون.
هەڵبەتە نووسینی ئێستا و ئەو سەردەم وەك یەكنەبووە، ئەم شێوەیەی ئەمڕۆ پێی ئەنووسین، بەگەلێك قۆناغدا دەربازبووە و زۆر گۆڕانی بەسەردا هاتووە تا وێنەی ئەمڕۆكەی گرتووە.

## نووسین چیە؟

نووسین وێنەی ئاخاوتنە، ئاخاوتن لەدەنگەكان دروست ئەبێت و نووسینیش لەوێنەكانی ئەو دەنگانە پێكدێت، ئێمە بەوێنەی دەنگەكان ئەڵێین پیت و بە پیتەكانیش ئەڵێین ئەلفبێ.. یان ئەلیفبا.
لە جیهاندا زۆر ئەلفبێ هەنە وەك ئەلفبێی لاتینی، عەرەبی، سریانی، عبری، كریلی...هتد، بەڵام لەهەموانیان ناودارتر ئەلفبێی لاتینییە كە گەلێك زمانی پێ ئەنووسرێن وەك ئنگلیزی، فرەنسی، ئەڵمانی، ئیتالی... هتد.
زمانی كوردی بەگەلێك ئەلفبێیان نووسراوە و ئەنووسرێن وەك ئەلفبێی عەرەبی، كریلی، لاتینی.
كوردەكانی كوردستانی بەشی عێراق و ئێران بەئەلفبێی عەرەبی ئەنووسن.
كوردەكانی كوردستانی بەشی توركیا و سوریا بە ئەلفبێی لاتینی ئەنووسن.
كوردەكانی سۆڤییەتی پێشوو بە ئەلفبێی كریلیان ئەنووسی.
بەڵام ئێستا زمانی كوردی تەنیا بە دوو ئەلفبێ ئەنووسرێت، عەرەبی و لاتینی.
زۆر باش ئەبێت ئەگەر ئێمەی كورد هەمووومان بەیەك ئەلفبێ بنووسین بەڵام تا ئەو كات وا باشترە خۆمان فێركەینە هەردووكیان.

# ئەلفبێیەکانی زمانی کوردی

| | لاتینی Latînî | کریلی (КЪРИЛИ) | عەرەبی | | لاتینی Latînî | کریلی (КЪРИЛИ) | عەرەبی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | A a | Аа | ئا | ١٨ | M m | Мм | م |
| ٢ | B b | Бб | ب | ١٩ | N n | Нн | ن |
| ٣ | C c | Щщ | ج | ٢٠ | O o | Оо | ۆ |
| ٤ | Ç ç | Чч | چ | ٢١ | P p | Пп | پ |
| ٥ | D d | Дд | د | ٢٢ | Q | Qq | ق |
| ٦ | E e | Әә | ە | ٢٣ | Rr | Рр | ر،ڕ |
| ٧ | -- | Ә'ә' | ع | ٢٤ | Ss | Сс | س |
| ٨ | Ê ê | Ее | ێ | ٢٥ | Şş | Шш | ش |
| ٩ | F f | Фф | ف | ٢٦ | Tt | Тт | ت |
| ١٠ | G g | Гг | گ | ٢٧ | Uu | Ӧӧ | و |
| ١١ | H h | Һ һ | ھ | ٢٨ | Ûû | Уу | وو |
| ١٢ | H h | Һ́ һ́ | ح | ٢٩ | Vv | Вв | ڤ |
| ١٣ | I i | Ъъ | – | ٣٠ | Ww | Ww | و |
| ١٤ | Î î | Ии | ی | ٣١ | Xx | Хх | خ |
| ١٥ | J j | Жж | ژ | ٣٢ | -- | Ѓ ѓ | غ |
| ١٦ | K k | Кк | ک | ٣٣ | Yy | Йй | ی |
| ١٧ | L l | Лл | ل،ڵ | ٣٤ | Zz | Ээ | ز |